# نەوەی نوێ داوا دەکات مۆنۆمێنتێك بۆ سیخوڕەکان دروست بکرێت

ناسح عبدالرەحیم /هەڵەبجەی شەهید.

ئەگەر پرۆسەی ڕزگاری عێراق و ڕووخانی بەعس بۆ باقی گەلانی عێراق سەرەتای ڕزگاربوونبێت لە دەسەلاتێکی دیکتاتۆر و تۆتالیتار, کۆتای هێنانبێت بە جینۆساید و قڕکردنی نەتەوەکانی ناو دەوڵەتی عێراق,لە هەمان کاتدا سەرەتای هەنگاونانبێت بەئاراستەی دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسی و کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دور لە کوشتن و ڕاوەدوونان, ئەوا بۆ ئێمەی نەتەوەی کورد لەگەڵ هەموو ئەوانەدا هەزار جار لەوەش گرنگتری تێدابوو تا لە ڕێگەیەوە جارێکی تر بە چەمکی نیشتمانپەروەریو چەمکی خیانەتدا بچینەوە, بۆ ئەم میللەتە بەشمەینەتەی ڕوون بکەینەوە نیشتمان پەروەری ڕاستەقینە کامانەن,ئەگەر هەڵەبجە لە 1988/3/16 تاقیگەی چەکی کیمیاوی بێت بۆ تاقیکردنەوەی بەرهەمی پیشەسازی چەکی کۆمپانیاکانی ڕۆژئاوا, ئەوا بەغداد لە 2003/4/9 تاقیگەیەك بوو بۆ کۆمەڵگەی کوردی تا بۆ ئێمەی نەوەی نوێ بەیان بکات کێ نیشتمان پەروەرەو کێ خائینە و تا دواساتەکانی کەوتنی ئەو ڕژێمە سیخوڕی بۆ کردووە,ئەگەر ڕا پەڕین دەروازەیەك بێت بۆ ئەوەی نەوەی نوێ تێبگات پێشمەرگە کێیەو جاش کێیە؟ئەوا کەوتنی بەغداد دەروازەیەك بوو بۆ ئەوەی تێبگەین پێشمەرگەی میللەت و پێشمەرگەی خائین کێیە؟بۆ ئەوەی تێبگەین بەرپرسی دڵسۆز کێیەو بەرپرسی خائین کێیە؟ئەگەر لە دوای ڕا پەڕینەوە چاومان زاق کردبێتەوە لەسەر ئەوانەی بەئاشکرا پیاوی بەعس بوون بە هەموو شێوەکانی,ئەوا لە دوای کەوتنی بەغداد بە دیقەتترەوە ڕوانیمان بۆ ئەوەی بزانین کێ هەتا سەر پێشمەرگەو بەرپرسی میللەت بووە و کێش پێشمەرگەو بەرپرسی خائین بووە؟.

ئەگەر نەوەی پێشوو لە خەمی ئەوەدابن, ئێمەی نەوەی نوێ ئەو هەموو تراژیدیاو کارەساتانەی کە بەسەر نەتەوەی کوردا هاتووە لەبیرمان نەچێتەوەو نەوەی نوێ ئاشابێت بە کارو کردەوەکانی یەکێك لە دڕندەترین دەسەلاتی تۆتالیتار لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم,بۆ ئەم مەبەستە دوو مۆنۆمێنتیان بۆ دروست کردبین ئەگەرچی ئەو دوو مۆنۆمێنتە خالی کرابوونەوە لە هەر ڕەمزێك کە ئاماژەبێت بۆ گەورەیی ئەو کارەساتەو ئەو دەرنجامانەی لە دوای خۆی بەجێی هێشتووە,لێرەدا نامەوێت لە سەر ئەم دوو ڕەمزە حیزبیە بدوێم کە بۆ ئێمەیان دروست کرد,بەڵکو دەمەوێت قسە لەسەر پێشنارێك بکەم بۆ ئەوانەی خەمخۆرو دڵسۆزی ئەم میللەتەن,ئەوانەی بۆ ساتێك چییە لە سەنگەری نیشتمانپەروەری نە پەڕیونەتەوە بۆ سەنگەری خیانەت,ئەوانەی هەوڵو کۆشێکی بێوچانیان داوە تا ئێمەی نەوەی نوێ ئاگادار بکەنەوە لە هەموو خائین و جاسوسەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی,ئەوا ئێمەی نەوەی نوێ داوایان لێ دەکەین لەگەڵ ئەو دوو مۆنۆمێنتەدا کە حیزب و دەسەلاتی کوردی دروستی کردووە,ئێوەی دڵسۆزو خەمخۆری میللەت مۆنۆمێنتێکیش بۆ خائینان و جاسوسەکان و بەعسی و جاشەکان دروست بکەن

بۆ ئەوەی نەوەی دوای ئێمە سەری لێنەشێوێت تا بزانێت کێ نیشتیمان پەروەرەو کێ خائین بووە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد,چونکە ئێمەی نەوەی ئەم سەردەمە چەندین ساڵە بەقسەی لوس و دەمامکە درۆزنانەکەیان فریویانداوین و خۆیانیان لێکردین بە نیشتیمانپەروەری عەیارە 24 و ئێمەی نەوەی دوای ئەنفال و کیمیاوییارانیان دەکرد بە خائین و دەستی بێگانەو ئاژاوەگێڕ.بۆیە لێرەوە داوا لەوانە دەکەم و تکایان لێدەکەم دەست هەڵنەگرد لە ڕووهەڵماڵین لەسەر ڕوخساری هەموو ئەوانەی چەندین ساڵە خۆیان بە سەر ئێمەدا هەڵدەکێشن, پێشنارەکەشم ئەوەیە مۆنۆمێنتێکی گەورەو فراوان لە ناوچەیەکی سەر سنوری هەر چوار پارچەکەی کوردستان دروست بکەن و ناو کارو هەموو ئەو چالاکیانەی کە ئەو خائینانە کردوویانە وەك دۆکۆمێنتێك تیایدا دابنرێت بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان سەردانی بکات,شوێنێك وەك ئەو شوێنەی کە لە مەککەدا مسوڵمانەکان سەردانی دەکەن بۆ ڕەجمکردنی شەیتان کە یەکێکە لەو فەریزانەی لەحەجکردنی مسوڵمانانددا هەیە.

بۆ ئێمەی کوردیش دروستکردنی شوێنێك بەو شێوەیە واجبێکە و هەنگاوێکە بۆ ئەوەی تۆوی خائینان لە وولاتی کوردانداا جارێکیتر سەوز نەبێتەوە و بنبڕبکرێت,بۆیە دەڵێم لەو شوێنەدا چونکە بەبڕوای من ئەنقەرەو تاران و دیمەشقیش وەك بەغداد پڕن لەناوی ئەو جۆرە کەسانە,کە خەریکی کاری جاسوسی و خیانەتکردنن لە میللەتی کورد,شوێنێك بێت بە پێچەوانەی ئەو دوو مۆنۆمێنتەکەوە ,ئەو دوو مۆنۆمێنتەکە شوێنێك بوون بۆ ئازاردانی پاشماوەی ئەنفال و کیمیاوییاران ,بەلاَم ئەم مۆنۆمێنتەیان شوێنێك دەبێت بۆ ئارامی بەخشین بە گشت خەڵکی کوردستان و کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجەو ئەنفالکراوەکان.شوێنێك بێت هەموو ساڵێك لە 3/16 و 4/14 واجببکرێت لە سەر هەموو کورد زمانێکی سەر ڕووی زەوی لەو دوو ڕۆژەدا سەردانی مۆنۆمێنتی خائینان بکات و بەرباران تفبارانی بکات,بە بڕوای من ئەگەر کارێکی لەو شێوەیە بکرێت بۆ هەتا هەتایە تۆوی خائین و جاسوسی لەم وولاتەدا بنبڕ دەبێت.لە کۆتایدا دەڵێم تەنها و تەنها کارو چالاکی و ئەو ئەرکانەی کە پێیاسپێراوەو جێبەجێیان کردوو دەبێتە سەنگی مەحەق بۆ ئەوانەی ناویان هەیە لە لیستی ناوی سیخوڕەکانی بەعس نەك کروزانەوەو لێدوان و شایەتی دانی بەرپرسە حیزبیەکان کە هەریەکەیان لە لایەن خۆیانەوە کەوتوونەتە پاکانەو سپیکردنەوەی هەندێك سیخوڕ.